## پەیامی بەهجەت یەحیا بۆ خۆپیشاندەران

## نامەیەک بە زمانی خۆشەویستی



ئێوە تەنها بەزمانی خۆشەویستی ئەتوانن پەیامی مرۆڤ دۆستانەی خۆتان بگەێنن ، بۆسەلماندنی ئەم قسەیە ڕۆژانی سەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانتان بیر ئەهێنمەوە کە جۆراها ناوی سەیر و سەمەرەتان لێنرابوو، بەڵام ئێوە هاتن گوڵتان کرد بە لولەی تفەنگەکانەوە و هاوارتانکرد پێشمەرگە برامانە پێشمەرگە کەسمانە .

ئێوە تەنها بەزمانی خۆشەویستی ئەتوانن بیسەلمێنن کە دەنگی نارەزایی خەڵک وەک برینێک وایە بەجەستەی کۆمەڵگاکەمانەوە ناتوانین سڕی کەین چوونکە پاش ماوەیەک دیسانەوە ئازارەکەی هەڵئەداتەوە بەڵکو ئەبێت چارەسەرێکی عەقڵانی و سەردەمیانەی بۆ بدۆزینەوە .

نەفرەت لە توندوتیژی تکایە هەرگیز توڕەمەبن چوونکە توڕەبوون نیشانەی دۆڕاندنە ، هەموو جیهان تەماشاتان ئەکات ئەبێت جوانترین وێنە نیشانی دنیا بدەن ، کاتێک کەتەوژمێکی سیاسی بەناوکۆمەڵگایەکدا تێئەپەڕێت کۆمەڵێک ڕەمزی نوێ لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێتە کایەوە ئیتر جارێکیتر زەمەن ناگەڕێتەوە بۆ پێش ڕووداوەکان ، بەرپرسیارێتیەکی مێژوویی گەورەیە لەسەر هەموولایەک کە ئەبێت بە ئاگاییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکرێت . سوپاس بۆ زمانی دیالۆگ و خۆشەویستی

ئەم پەیامە ڕۆژی ١٠-٣-٢٠١١ لە سەرای ئازادیی شاری سلێمانی خوێنراوەتەوە..